## تراژدیایی ئەنفالکردنی بارزانییەکان

کاوە ئەمین

پرۆسەی ئەنفالکردنی کورد لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە مێژوویەکی دووروردرێژیی هەیە، تەنها ئەوەیە کە رژێمی سەددام حسێن لە ساڵی 1988 دا بە ئاشکرا ناوی پرۆسەی پاکتاوکردنی کوردی بەناوی ئەنفالەوە ناوزەد کرد، تا بتوانێت لەو رێگەیەوە رەوایەتی دینیش بە تاوانەکانی بدات، ئیتر هەر لە ژێر ناوی ناسیۆنالیزمی عروبە ویەکگرتنەوەی وەتەنی عەرەبیەوە کارە نامرۆڤایەتیەکانیان ئەنجام نەدەدا بەڵکو دەیانویست وانیشان بدەن کە ئەوان میراتگری سەردەمی بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامن و بتوانن ئەگەر کەسێکیش گومانی لەم تاوانانە هەبێت ئەوا لە رێگەی شەرع و دینەوە بروایان پێبهێنن.

کوردە فەیلیەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک دوچاری ئەنفالکردن بوونەتەوە و تا ئێستاش هەزاران کەسیان چارەنوسیان دیارنییە.

بارزانییەکان وەکو عەشیرەتێکی نیشتیمان پەروەر لە سەرتاسەری سەدەی رابردودا بە گژ داموودەستگاکانی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عێراقدا چوونەوە و چەندین شۆڕشیان بەدژی دەوڵەتی عێراقی هەڵگیرساندووە، بە تایبەتی رۆڵی سەرۆک مستەفا بارزانی جێگایەکی دیاری هەیە کە سەرکردایەتی مەزنترین شۆڕشی گەلی کوردی کرد کە ئەویش شۆڕشی ئەیلوولی مەزنە.

بارزانییەکان بەهۆی سەرشۆڕنەکردنیان بۆ دەوڵەتی عێراق و بەتایبەتی بەهۆی خەباتی مستەفا بارزانی و ناو ناوبانگیەوە، لەلایەن عێراقەوە وەکو دوژمن چاویان لێکراوە، تەنانەت ئەوانەی کە هیچ پەیوەندیەکی فیزیکیان بە شۆڕشەکانی بارزانییەوە نەبووە دوچاری ئەنفالکردن و راگواستن بوونەتەوە، تەنانەت ئەوانەشیان کە خۆیان دابووە پاڵ رژێم وەکو عوبەیدوڵڵە بارزانی لەلایەن سەددامەوەمە کوژرا.

بەرەبەیانی رۆژی 31/7/ 1983 هێزەکانی رژێم بە هەموو شێوەکانیانەوە و بە پاڵپشتی تانک و فرۆکەی جەنگی و جاشە خۆفرۆشەکانی کوردەوە، چواردەوری ئۆردوگای قوشتەپەیان گرت، هەر نێرینەیەک کە تەمەنی لە نێوان دە تا هەشتا ساڵیدا بوو بەزۆرەملێ سواری ئیڤا سەربازیەکانیان دەکردن و بەرەو جێگایەکی نادیار رەوانەیان دەکردن، بەو شێوەیە زیاتر لە هەشت هەزار بارزانیان ئەنفالکرد، تا کاتی گۆڕبەگۆڕکردنی رژێمی بەعس هیچ جۆرە هەواڵ و زانیاریەک لەسەر ئەو ئەنفالکراوانە بڵاونەکرایەوە.

ئەنفالکردنی بارزانیەکان (پیاوەکانیان) هەر ئەوە نەبوو کە ژمارەیەک کورد لە کۆرێکی هاوبەشدا دەکران بە ژێر خاکەوە، بەڵکو رژێم رەنگە بە زاناییەوە ئەو تاوانەی بەو شێوەیە ئەنجام دابێت، بۆئەوەی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە تەنها ژنان و منداڵانی ژێر دەساڵ رزگاریان بوو، دوچاری کارەساتێکی کۆمەڵایەتی ببنەوە و تاقیکردنەوەیەکەیش بێت بۆ ئەوەی بزانێت ئاخۆ گەلی کورد تاچ رادەیەک خۆی دەکات بە خاوەنی قوربانیەکانی. ئەگەرچی لێرەوە لەوێ باسی پیاوەتی و هەستی نیشتیمانپەروەرانی هەندێک لە خەڵکانی هەولێر و دەوروبەری دەکرێت، لە هاوکاریکردنی خێزانەکانی بارزانیەکان، بەڵام ئەو هاوکاریە لە ئاستی ئەو تاوانە مرۆڤایەتیەدا زۆر کەمتربوو، بۆیە لە قافڵەکانی ئەنفالی دوایدا تەنانەت مندڵی سەر بێشکەش رزگاری نەبوو، ئەوەتا لە گۆرە بەکۆمەڵەکاندا سەدان مەمکەمژە و جلی منداڵی یەک مانگە و سەروتر دەۆزارونەتەوە.

بیست ساڵە، هەزاران ژن و زارۆکی بارزانییەکان لە دڵەراوکە و ترس و چاوەڕوانی کەسوکارەکانیان ژیان دەبەنە سەر، ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان یەک مانگی بووە ئێستا بوونەتە بیست ساڵ. بەراستی بیست ساڵ ژیان بردنە سەر لە ژێر فشاری دەرونی و هەژاریدا، شتێکە بە دەمیش خۆش نییە بووترێت. رژێمی

عێراقی تەنها مەبەستی ئەوە نەبووە کە زەرەر لە شۆڕشی کورد بدات وەکو هەندێک باس لێوەدەکەن، ئەوان مەبەستیان ئەوە بوو کە کورد لە باشووری کوردستاندا وەکو گەلێک نەهێڵن و ئەگەریش نا لە کۆمەڵگایەکی سەقەت و ناڤرۆڤانەدا، لە بازنەیەکی ترسدا بیانهێڵێتەوە و ئەو کارەشی بە چاکی بۆ چووە سەر، هەتا خوای کرد و سەددام پەلاماری کوەیتی دا و ئەوەش خاڵی دەستپێکردنی کۆتایی هاتنی ڕژێمێک بوو وەکو سیستەمێکی بەڕێوەبردن، دەنا پێناچێت بەعسیزم هەروەک چۆن نازیزم نەفەوتا و لە فۆرمی نوێدا سەری هەڵدایەوە، ئەوانیش لەشێوەی نوێدا ئەگەر بەلاوازیش بێت سەرهەڵدەدەنەوە.
ئەنفال بە هەموو لقەکانی و گۆرە بەکۆمەڵەکانیەوە، بە هەموو ئەو کارەساتە کۆمەلایەتیانەی کە لە پاش خۆی بەجێی هێشتووە محاڵە سارێژبکرێت، تەنانەت بە دادگایی سەددام حسێنیشەوە، بۆیە دەبێت دەوڵەتی عێراق کە دەوڵەتێکی ساختەو دز و تاوانە، دەبێت هەڵبوەشێتەوە و دادگایی بکرێت، تەنانەت داوای دادگای کردنی ئەو دەوڵەتە عەرەبی و جیهانیانەی تر بکرێت کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەو تاوانەدا بەشداریان کردووە و قەرەبووی زیانە مادیەکانی کە لە گەلی کوردستان دراوە، بکرێتەوە. جێگایی توانج و گومانە کە بۆ ئەنجومەنی حوکومی عێراق کە پێنج کوردیش لەخۆگرتووە تا ئێستا بە ڕەسمی داوای لێبووردنیان لە گەلی کورد و خاکی کوردستان نەکردووە.
دەبێت زەمینەی ئەوە خۆشبکرێت کە گەلی کورد بە هەموو چین و توێژو پارت و ڕێکخراوە مەدەنیەکانیەوە لە ریفراندۆمێکی ئازاد و ئازایانە بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات. هەموو چارەسەرێکی تر کاتی دەبن و درەنگ یان زوو مێژووەکان دوبارە دەبنەوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.